خزمەتگوزاریەکانی خۆگونجاندنی شاری ڕایسیۆ

kurdi

یارمەتی خۆگونجاندن بۆ کۆچبەران

Martinkatu 8, Raisio(شوێنی هاتنە ژورەوە لە لای بەنزینخانەی Neste)

- **دەتوانیت سەردانی ئەم شوێنە بکەیت، ئەگەرکەمتر لە سێ ساڵ بە سەر یەکەم مۆڵەتی نیشتەجێ بوونت یا تۆمار کردنی شارەوانیەکەت تێپەڕ بووە و لە شاری رایسیۆ دەژیت.**
- **ڕاوێژکاری و ڕێنمایی بۆ خۆگونجاندن (بۆ وێنە، نیشتەجێبوون، کاروباری خێزان و منداڵان، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کار و خوێندن و هەروەها کات بە سەر بردن).**
- **ئاشنا بوون بە خزمەتگوزارییەکانی ڕایسیۆ و دەرفەتی چالاکییەکان.**
- **چاوپێکەوتن، بە کات گرتنەوە دیاری دەکرێت.**

شارەوانی ڕایسیۆ

زانیاری پەیوەندی گرتن:

تێرهیککی مەکێلا (Terhikki Mäkelä) ژمارە تەلەفۆن:044 7971684 terhikki.makela@raisio.fi,

شیوا حقدوست (Shiva Haghdoust) ژمارە تەلەفۆن: 0406236143 shiva.haghsoust@raisio.fi

ساگاڵ علی (Sagal Ali) ژمارە تەلەفۆن: 040 6433619، sagal.ali@raisio.fi

فرە ڕاوێژکاری- ڕێنمایی و ڕاوێژکاری بە ئاستێکی نزمەوە (ئەو خزمەتگوزاریە بێ بەرامبەر و بێ پاپەند بوونە) وێستگەی خزمەتگوزاری لە ئۆڵکاری (Olkkari), Raisiontori 6.

- **کراوەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی بە زمانێکی بیانی دەدوێن و لە ڕایسیۆ دەژین**
- **ئامۆژگاری و یارمەتیدان لە کاروباری ڕۆژانەدا (کار، خوێندن، نیشتەجێبوون، و هتد).**
- **خزمەتگوزاری بە زمانە جیاوازەکان:**
  - **ڕۆژانی دووشەممە لە کاتژمێر ١٢ بۆ ٢ی دوا نیوەڕۆ. زمانی فینلاندی، ئینگلیزی، ڕووسی و ئۆکراینی**
  - **ڕۆژانی دووشەممە لە کاتژمێر ١٠ بۆ ١٢ زمانی عەرەبی**
  - **ڕۆژانی سێشەممە لە کاتژمێر ١٠ بۆ ١ی دوانێوەڕۆ. زمانی فینلاندی، ئینگلیزی و ڕووسی**
  - **ڕۆژانی هەینی کاتژمێر ١١ بۆ ١ی دوانیوەڕۆ. زمانی کوردی**
- **چاوپێکەوتنەکان بە بێ کات گرتنەوە لە کاتی خزمەتگوزارییەکان. لە کاتەکانی تر دا پێویست بە گرتنەوەی کات هەیە.**

زانیاری پەیوەندی گرتن: کیرسی حافظ (Kirsi Hafeez) ژمارە تەلەفۆن:
040 352 9714، kirsi.hafeez@raisio.fi

زانیاریەکانی پەیوەندی گرتن دەگەڵ شوێنە بە سوودەکان

ناوەندی هاریکاری ڕایسۆ بۆ پەنابەران، Raisiontori 6.
یارمەتی ماددی، بۆ نمونە، کەلوپەلی خاوێن کردنەوە و ئابووری ماڵەوە و کەرەستەی یاری کردنی منداڵان ناوەندی هاریکاری، بۆ وێنە یانە و چالاکی جیاواز ڕێکدەخات.

ڕۆژانی دووشەممە کاتژمێر ١ بۆ ٦ی ئێوارە، سێشەممە، پێنج شەممە و هەینی کاتژمێر ١٠ بۆ ٣ی دوانیوەڕۆ.
بۆ زانیاری زیاتر پرسیار بکەن لە : ماریت کۆکۆنێن (Maarit Kokkonen)

خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵایەتی (سۆشیال) , Raisiontori 7
ڕێنمایی خزمەتگوزاری، ژمارە تەلەفۆن 02 410 7305 (دووشەممە، هەینی کاتژمێر ٨،٣٠ بۆ ٣ی دوانیوەڕۆ).

بنکەی تەندروستی ڕایسیۆ، Sairaalakatu 5
کات گرتنەوە ژمارە تەلەفۆن 027200 410 ڕۆژانی دووشەممە هەتا هەینی کاتژمێر ٨ بەیانی بۆ ٤ی دوانیوەڕۆ

بەشی پێڕاگەیشتن بە دەدان، (لە شوێنی جیاواز دا)
کات گرتنەوە بەو ژمارە تەلەفۆنە: 02 434 3746. ڕۆژانی دووشەممە هەتا پێنج شەممە کاتژمێر ١٠ بۆ ٣،٣٠ دوا نیوەڕۆ و هەینی کاتژمێر ١٠ بۆ ١،٣٠ی دوا نیوەڕۆ

کتێبخانەی ڕایسیۆ، Eeronkuja 2
کراوەیە، ڕۆژانی دووشەممە هەتا پێنج شەممە کاتژمێر ١٠ بۆ ٧ی دوا نیوەڕۆ

لە کتێبخانەدا بابەتی زۆر بە زمانی جیاواز و هەروەها چالاکی جۆراوجۆری هەیە. زانیاری زۆرتر لەو لینکە دا ببینە:
https://www.raisio.fi/fi/kulttuuri-ja-vapaa-aika/kirjasto

هەروەها کتێبخانە **خاڵێکی خزمەتگوزاری هەیە** کە دەتوانیت بۆ وێنە کارتی پاسی Föli بکڕێت یا پڕ(شارژی) بکەیتەوە و ئامێری پێویست وەک مەکینەی جلک دورین بە قەرز وەربگریت.

وێستگەی خزمەتگوزاری ئۆلکاری (Olkkari) ، Raisiontori 6،
ڕۆژانی دووشەممە هەتا چوار شەممە کاتژمێر ٩ بۆ ٢ی دوانیوەڕۆ.، پێنجشەممە ١٠ بۆ ٢ی دوانیوەڕۆ، و هەینی کاتژمێر ٩ بۆ ٢ی دوا نیوەڕۆ

دەتوانیت بێیتە Olkkari کوپێک قاوە بخۆیتەوە و خەڵکانی تر ببینیت و کامپیۆتەر بەکار بهێنیت. هەروەها Olkkari خزمەتگوزاری فرە ڕاوێژکاری هەیە.

سەنتەری مەلە کردنی Ulpukka، Eeronkuja 5 کراوەیە لە ڕۆژانی دووشەممە هەتا سێشەممە کاتژمێر ٦ی بەیانی بۆ ٩ی شەو، چوارشەممە ١١ بۆ ٩ی شەو، پێنج شەممە و هەینی کاتژمێر ٦ی بەیانی بۆ ٩ی شەو. هەروەها شەممە و یەک شەممە کاتژمێر ١١ بەیانی بۆ ٦ی ئێوارە.

شوێنی کۆبوونەوە بۆ بنەماڵەکان Satelliitti، Hulvelankatu 2
(ماڵێکی داری بە ڕەنگی زەرد بەرامبەر بە Hesburger)

قاوەخانەی خێزانیی ڕۆژانی دووشەممە هەتا هەینی کاتژمێر ٩ی بەیانی بۆ ١٢ . هەروەها چەندین چالاکی دیکە بۆ منداڵان و خێزانەکان.

بۆ زانیاری زۆرتر سەیری ئەو لینکە بکە:
https://raisio.mll.fi/toimintaa/perhekahvila/

شارەوانی ڕایسیۆ